# ناوەندی هەلەبجە

# دژبەئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد- چاک

**وتاری لیژنەی ئامادەکار**

**ئامادەبوانی بەرێز**

**میوانە بەرێزەکان**

**ئەندامانو دۆستانو هاوکارانی ناوەندی چاک**

بەخێربێن سەرچاوان بەتایبەتی ئەو بەرێزانەی لەدورەوە هاتوونو زەحمەتیان کێشاوە .

ئەمرۆ ناوەندی چاک به ئامادە بوونی ئێوەی خۆشەویست لەژێر دروشمی ( بەرەو بەدەستهێنانی مافە یاساییەکانی گەلێکی جینۆسایدکراو) لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە یەکەمین کۆنفرانس دەبەستێت لەکوردستان) .کە ئامانجەکانمان لەسێ خاڵدا دەخەینە روو )

1. قەرەبوو کردنەوەی مادی زیانلێکەوتوان. لەمەڕ تاوانی ئەنفالو کۆمەڵکوژی بارزانیەکانو فەیلیەکانو کیمیابارانکردنی شاری هەلەبجە، بەوپێی ئەم دەوڵەتە میراتگری ئەوی پێشووە.
2. قەرەبوو کردنەوەی مەعنەوی گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بەدانانی حەصانەیەکی دەستوری بۆ ئەوەی جارێکی تر گەلی کورد بەر سیاسەتو پەلاماری جینۆساید نەکەوێتەوە.
3. بەدەستهێنانی بریاری حەصانەی نێودەوڵەتی لەنەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئەوەی جارێکی تر نەتەوەی کورد، لە هیچ شوێنێک بەر سیاسەتو پەلاماری جینۆساید نەکەوێتەوە .

کۆنفرانس ئەو ئامانجەشی هەیە کەوا ناوەندی چاک رێکبخاتەوە بۆئەوەی باشتر کارەکانی ئەنجام بدات، بەهیواین هەم لەم کۆنفرانسەداو هەم لەکارو چالاکیەکانی داهاتوومانـدا بەرەخنەو سەرنجو پێشنیارو رێنمایەکانتان، هەروەها به کاری هەماهەنگو پێکەوەیی هاوکارمان بن بۆ پێشخستنی شێوازی کاری رێکخراوەیمان .

ناوەندی هەلەبجە دژ بەئەنفالو جینۆسایدکردنی گەلی کورد- چاک لەساڵی 2002 لە نائامادەیی‌و خەمساردی حکومەتو حزبی سیاسیی کوردستاندا بۆ کارکردن لەسەر دۆزی جینۆساید کردنی گەلی کورد، بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە هاتە مەیدان، لەماوەی کارکردنیەوە هەتا ئەمرۆ بەچەندین کێشەو هەورازو نشێودا گوزەری کردووە، دەرگیری چەندین گرفتو کێشەی ناوخۆیی هاتووەو بەهۆی ئەو کێشانەشەوە چەندین ئەندامی چالاکو گرنگی لەدەستداوە، بەو حاڵەشیەوە چەندین چالاکی گرنگو بەرچاوی ئەنجامداوەوهەندێکیشیان بەهۆی نەشارەزایی کاری رێکخراوەیی و بێ دەرامەتییەوە بەسەر ئەنجام نەگەیشتوونو پرۆژەکان بەنیوە ناچڵی ماونەتەوە .

گرنگترین ئەوچالاکیانەی ئەم ناوەندە شانازییان پێوە دەکات، سکاڵاتۆمارکردنو هاوکاری کردنی دادگای هۆڵنداو سزادانی گەورە بازرگانی مادە کیمیاویەکان ( فرانس ڤان ئانرات)و هاوکاری کردنی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لەدۆسێی کیمیابارانی هەڵەبجەو بەگیرو گازهێنانی سەفارەتەکانی وڵاتی میسر دەرهەق بەبەڵگەنامەیەکی

موخابەراتی عێراق بۆ چارەنوسی 18 ئافرەتی ئەنفالکراو بووە. هەروەها زیاد لەجارێک لەدەرگای نەتەوەیەکگرتووەکانی داوەو زیاتر لە 310000 سێسەدو دەهەزار واژۆی پێشکەش بەنەتەوە یەکگرتووەکان کردووە لەگەڵ نامەیەکی تایبەتی بۆ بانکی مۆنی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەمەبەستی ئەوەی

یەکەم : هەردوو تاوانی ئەنفالو کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بەفەرمی وەکو جینۆساید بناسن .

دووەهەم : رۆژی 3/16 بکرێتە رۆژی قەدەغەکردنی بەرهەم هێنانو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەجیهاندا .

ئەمانەو دەیان چالاکی تر لە کوردستانو وڵاتانی دەرەوە ئەمرۆش بەشانازیەوە لەبەردەم ئێوەی بەرێزدا پەنجەیان بۆ درێژ دەکەین، چونکە پێمانوایە چالاکیەکانی ئەم ناوەندە مایەی شانازی مرۆڤایەتیو لەپێش هەموویانەوە مایەی شانازی نەتەوەکەمانن.. لەبەر ئەوەی کار لەسەر دۆسێی تاوانێک دەکەین کە هێندە مەترسیدارە کە بەعسو هاوکارەکانی بەنیاز بوون شوناسی نەتەوەیمان بسرنەوە، ئەگەرچی هێشتا خودی کورد لەدوای روخانی بەعسیشەوە نەیتوانیوە ئەم دۆسیێیە بخوێنێتەوە و بەهەندی نەگرتووە .

ئێمە خوازیارین لەسەر تاوانە جینۆسایدیەکان جارێکی تر کۆمەڵگەی کوردستان خۆی بنیاتبنێتەوەو شکۆ بۆ خۆیو بەهای مرۆڤایەتیو تەنانەت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بگەرێتەوە.. بەتایبەتی ( ئەو پەیماننامانەی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤو رێگەگرتن لە تاوانە نیودەوڵەتیەکان هاتوونەتە ئاراوە) ، کەچی بەداخەوە لەکاتی جینۆسایدکردنی نەتەوەکەماندا بەجۆرێک بێدەنگیان هەڵبژارد، وەکو ئەوەی کورد بەشێک نەبێت لەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی .

ئامادە بوانی بەرێز :

بێگومان ئێمە لەرەخنەو کەموکورِی بەدەرنین چونکە چەندی چالاکی بنوێنینو چەندمان کردبێ هێشتا هیچمان نەکردووە لەچاو ئەو تاوانانەی دەرهەق بە نەتەوەیەکی بێقەوارەو جینۆسایدکراو ئەنجامدراون، چەندی سەرکەوتووبوبین هێشتا لەئاستی کەم کردنەوەی کاریەگەریەکانی تاوانەکاندا نین بەتایبەتی لەسەر سایکۆلۆژیەتو جەستەی قوربانیەکانی .. بۆیە دەڵێن خۆزگە وەها تاوانێک دەرهەق بە گەلی کورد نەکرایەو ئێمەش خاوەنی ئەو سەرکەوتنانە نەبوینایە، بەڵام کەداری خۆزگە بەری نەگرت، ناچارین شانازی بەناوەندەکەمانو چالاکیەکانو سەرکەوتنەکانیشیەوە بکەین . خۆئەگەر کەسانێکیش بەشێوەیەکی نابەرپرسیارانە بە ناوی ناوەندەکەمانەوە هەلسوکەتیان کردووەو تارادەیەک گرفتو کێشەیان بۆ دروستکردووین، بەڵام ئەم هەوڵانە نەیانتوانیوە ناوەندەکە لەبەین بەرن ئێستاش لێرەوە بەراشکاوی رایدەگەیەنین کەوا ئامادەی هەر رەخنەیەکین کە لەو سۆنگەیەوە ئاراستەمان بکرێت. لەهەمان کاتیشدا رایدەگەیەنین کە هەر لێدوانو کارێکی ناشایستەو نامۆ بەکاری رێکخراوەیی، بەیاننامەی کرچو کاڵو پەلاماردانی کەسولایەنی کۆمەڵایەتیو سیاسی ، قسە فرێدانو موهاتەرات دورن لە رەفتاری ئەندامانی ناوەندی چاکو کاری ناوەندەکەمان . بەڵکو خوازیارین ناوەندی چاک بە چالاکیو پرۆژەی بنیاتنەرەوە بناسنەوە. چونکە ئێمە خاوەنی ئەو لۆجیکەین کەوا دەتوانین کاربکەینو وێنەیەکی جوان ببەخشینە رێکخراوەکەمانو بروامان وایە کەس ناتوانێ بەناشرینکردنی بەرانبەر وێنەیەکی جوان بۆخۆی داتاشێ....

ئێمە خوازیارینو تێدەکۆشین لەپاش تاوانی ئەنفالەوە شکۆو خۆشەویستی بۆ کورد وەکو نەتەوەیەکی جینۆساید کراو بگەڕێتەوە، لەسەر ئاستی دەرەوە حەصانەیەکی نێودەولەتی بەدەستبهێنیٚو لەسەرئاستی ناوخۆش حەصانەیەکی دەستوری هەبیٚو دەوڵەتی عێراق بەفەرمی داوای لێبوردن لەگەلی کوردبکات. وەکو ئەرکێکی سیاسیٚو ئەخلاقی ڕێز لەدادگای وڵاتو قوربانیانی ئەو دۆسێیانە بگیرێت، کەدادگا یەکلایی کردونەتەوە، بەداخەوە لەسەرئاستی نێودەوڵەتی وێرای یەکلایی کردنەوەشی بەیاسا هێشتا بێدەنگی لێکراوەو لەسەر ئاستی ناوخۆش وێرای ئەوەی پەرلەمان تاوانەکانی وەکو جینۆساید ناساندووە دەوڵەتی عێراق هێشتا هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی نەناوە.

بەبڕوای ئێمە گەورەترین بەرپرچدانەوەی جینۆساید ئەوەیە دادگاکان سەربەخۆبنو لێپێچینەوە لە گومانلێکراوانوتاوانباران بکاتو کوردیش دەست بەهەموو ڕایەڵەکانی خۆشەویستیو تەباییو مرۆڤدۆستیەوە بگریٚو وێنەیەک پیشانبدات کەسومبولی مەدەنیەتو دیموکراسیەتی ئێمە بێت، کەچی بەداخەوە ، نەدەبوو لەپاش تاوانی ئەنفالەوە هەرگیز کورد بیری لەشەری ناوخۆ بکردایەتەوە بەڵکو ، دەبوو لێبوردەییو بنیاتنانەوەو خۆشەویستی ببوایە بەدابو نەریتی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەفسوس ..

لەکاتێکدا دەستوپەنجەو چاوی سەدان هەزار مرۆڤ لەئازیزانمان لەخواروی عێراقدا تێکەڵی لمی بیابانەکان بوون، کەچی لەبری ئەوەی لەهەموو کۆمەڵگەیەکی تر زیاتر ڕێز لە کات بگرینو زیاتر تێبکۆشین، بەپێچەوانەوە خەریکی شەڕی ناوخۆو شکاندنی یەکتری بوین. کەتیایدا بردنەوەو دۆران یەک واتایان هەبوو. شەڕێک کە کەس تیایدا براوە نەبوو دۆڕانێک کەبەرۆکی هەمووانی گرتەوە. بۆیە ئێمە هەلویستی تایبەتیمان لەسەر ئەو پێشێلکاریانە هەیە کە لەناوخۆوە ئەنجامدراونو ئەنجام دەدرێنن ..

هەربۆیەشە بەرپرسیارانە هەلوێستیان لەبارەوە دەردەبرین، چونکە پێمانوایە باشترین ڕێزگرتن لە قوربانیانی تاوانی ئەنفالو کۆمەڵکوژی ئەوەیە ڕێزلە زیندووەکان بگرینو ئازادی ەستەبەربکەینو مافەکانی مرۆڤ پاریێزراوبن . بەپێچەوانەشەوە هەر پێشێلکارییەک بە سوکایەتی بەقوربانیانی جینۆسایدو شەهیدانی ئازادی دەزانینو جێگەی ڕەتکردنەوەی ئێمە بووە.

بەهیواین ئەم کۆنفرانسە بتوانیٚ زەمینەیەکی باشتر بۆ لێکتێگەیشتنو کاری ڕێکخراوەیی برەخسێنیٚ، زەمینەیەک بیٚ بۆ ئەوەی یاساناسانو کەسانی شارەزا لەکاری ڕێکخراوەیی هاوکارمان بنو بێنە پێشەوە تا لەکارەکانی داهاتویدا قەرەبووی هەموو ئەو کەموکورتیانەش بکاتەوە کە تاکو ئێستا نەکراون .

میوانە بەرێزەکان : ئێمە ئەمرۆ سەربەرزین بەوەی بە ئامادەبوونی ئێوە دەتوانین دەرگای گفتوگۆیەکی شەفافو سودبەخش بکەینەوە، تا لەمیانەی سەرنجو ڕەخنەو پێشنیارەکانی بەرێزتانەوە بەرچاوورونتربینو زیاتر بەخۆماندا بچینەوەو جدی ترو یاسایی تر بتوانین لەکاری ڕێکخراوەیدا بەردەوام بین. لە کۆتایدا جارێکی تر بەخێرهاتنتان دەکەینو لەوماوەیەدا کە بۆ سەرنجو پێشنیارەکانی بەرێزتاندا تەرخان کراوە چاوەروانی بیری وردو پێشنیاری باشو رەخنەی سود بەخشتانین.

لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس

17/7/2010